RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No.3 (2026)

Received: 27th February 2025 Accepted: 27th April 2026 Published online: 20th September 2026

(The functions of description in the collection of short stories by the writer Mohammad Meulud mem "The Man" and "On the Great Road" as a model)

Azad Mohammed Saeed[1]
Azad.mohammed@koyauniversity.org
[1]Department of Kurdish Language, Faculty of education, Koya University,Koya, Kurdistan Region ,Iraq.

Abstract:
The research, which is under the title (The functions of description in the collection of short stories by the writer Mohammed Meulud mem "The Man" and "On the Great Road" as a model) the research method is descriptive analysis.

The main topic of this research is the functions of description. the tasks of descoration, interpretation and illusion, it is difficult to distinguish between description and narration. Except for the function of narration, there are three functions of description where one is distinguished from the other. The first is: adornment or praise, second: interpretation, third: ambiguity. to expose the influence of the foreign languages and cultures, especially in the dialects used during the othmanies Caliphate rule in the kurdistan.

the city of Shaqlawa, under the influence of the remaining inheritance in terms of language and heritage imported from the authority of the previous , where the writer used some of the terms contained in the administrative dictionary.The research ends with the conclusion and the sources used from Kurdish literature and Arabic and foreign.

Keywords: description, adornment or praise, interpretation, ambiguity.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەرکەکانی وەسف لە کورتە چیرۆکەکانی محەمەد مەولود مەم بەنمونەی کورتە چیرۆکی (پیاو، لەشەقامی گەورە)دا

ئازاد محمد سعید[1]
[1]بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە،کۆیە، هەرێمی کوردستان ،عێراق.

پوختە:
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئەرکەکانی وەسف لەکورتە چیرۆکەکانی محەمەد مەولود مەم، بە نمونەی پیاو، لە شەقامی گەورە)دا، لەڕوی وەسفەوە پانتاییەکی دیاریکراوی لەکۆی چیرۆکەکانی مەمدا بەرجەستە کردوە. بابەتی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا ئەرکەکانی وەسفە، کە بریتییە لە: ئەرکەکانی (ڕازاندنەوە و شرۆڤەکردن و وەهم، گومان پەیداکردن)، بۆ خستنەڕوی کاریگەری زمان و کلتوری بێگانە بەتایبەتی ئەو زاراوانەی، کە لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە ناوچەکە و کوردستاندا بەگشتی بەکارهاتون. چیرۆکنوس لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا شێوەزاری ناوچەیی یان شارۆچکەی شەقڵاوە و بارودۆخی سەردەمەکە و بژێوی ژیانی دانیشتوانەکەی بە شێوەیەکی واقیعی لە چیرۆکەکانیدا زۆر بە وردی لەڕێگای ئەرکەکانی وەسفەوە خستوەتەڕو، کە لە ئێستادا ئەو جیاوازیی و گۆڕانکارییانە لە هەمو ڕوەکانەوە زۆر بە ڕوونی دیارە، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوە کوردییەکان و عەرەبییەکان و وەرگێڕدراوەکان خراوەتە بەردەست.

کلیلە وشەکان: ئەرکی وەسف، ئەرکی ڕازاندنەوە، ئەرکی ڕاڤەیی، ئەرکی وەهمی .

پێشەکی:

وەسف یەکێکە لە تەکنیکەکانی چیرۆک و گێڕانەوە بەهۆی وەسفەوە چیرۆکەکان بابەت و ناوەرۆکەکانیان زیاتر بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت. نوسەر پەنا بۆ ئەرکەکانی وەسف دەبات لە کاتی دارشتنی تان و پۆی چیرۆکەکانیدا، ئەرکەکانی وەسف زۆرن لەلایەن بیرمەندەکانەوە چەند جۆرێک لە ئەرکەکان دەستنیشانکراون، بەشێکیان لە سێ ئەرکدا کۆی دەکەنەوە، کە ئەوانیش بریتین لە: ئەرکی ڕازاندنەوە و ئەرکی وەهم یان گومان پەیداکردن و ئەرکی شرۆڤەیی، کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە و لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەومان کردوە. بەشێک لە ئەنجامی توێژینەوەکە پەیوەندی گێڕانەوە بە وەسف و بە ئەرکەکانی وەسفەوە خراوەتەڕو، گرنگترینیان لەم توێژینەوەیەدا بەهۆی ئەرکەکانی وەسفەوە لە نێوان دو سەردەمی جیاواز و دو دەسەڵاتی جیاوازدا زمان و شێوەزار و جلوبەرگ و ڕێگاوبان و شەقام خراوەتەڕو.

گرنگی توێژینەوەکە: توێژینەوەی تایبەت دەربارەی زاراوە و ڕێگاوبان و جلوبەرگی کوردی سەردەمەکە بەرچاوناکەوێت، لێرەدا ئەرکەکانی وەسف، ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە بواردە جیاجیاکاندا لەگەیاندنی پەیامی واقیعی لە ماوەی وەسفکردنەکەدا، بەشێکی بۆ ڕازاندنەوە و پیاهەڵدان و دەرخستنی کەسێتی و شتەکان جوانتر لەوەی، کە هەیە، بەشێکی لە شرۆڤەکردن و وەهم، گومان پەیداکردن لە تێکستەکاندا مەرام و مەبەستی چیرۆکەکان ئاشکرا دەکەن.

ئامانجی توێژینەوەکە: لە ڕێگای ئەرکەکانی وەسفەوە وەکو بنەرەتێک و بنەمایەک بۆ ئاشکراکردن و شیکردنەوەی واقیعیانەی تێکستی کورتە چیرۆکەکان، ئامانجی توێژینەوەکە لەوەدایە بەپێی هەر یەک لە جۆرەکانی ئەرکەکانی وەسف، واتا و مەبەستی جیاوز لە وەسفکراوەکەمان بۆ دەردەخەن و ڕوونی دەکەنەوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە: ڕێبازی (وەسفی _ شیکاری)یە.

کێشەی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدین دەربەخەین کە چیرۆکنوس لە دەقەکانیدا چۆن مامەڵەی لەگەڵ بونیاتی وەسف و ئەرکەکانی وەسفدا کردوە؟ هەروەها وەسف ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ڕونکردنەوەی کرۆکی مەبەستەکانی نوسەر.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە، کە لە پوختە و پێشەکییەک و دو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە، لە بەشی یەکەم تەوەری یەکەمدا زاراوە و چەمکی وەسف و پێناسەی لە ڕوی تیۆرییەوە خراوەتەڕو، تەوەری دوەم بریتییە لەجۆرەکانی وەسف. لەبەشی دوەم لەتەوەری یەکەمدا ئەرکەکانی وەسفی ڕازاندنەوە و ئەرکی شرۆڤەیی و ئەرکی وەهم یان گومان پەیداکردن لەڕوی تیۆرییەوە خراوەتەڕو، لەتەوەری دوەمدا هەر سێ جۆری ئەرکی وەسف، لە هەردو کورتە چیرۆکەکە (پیاو، لە شەقامی گەورە)دا بەشێوەی پراکتیکی پەیڕەودەکرێت، لە کۆتاییدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکانمان خستوەتەڕو.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

١-١ چەمکی وەسف و پێناسە و زاراوەی وەسف لەڕوی تیۆرییەوە

وەسف بۆ هەمو شتێک دەکرێت بەئەرێنی و نەرێنییەوە ئەو ڕوداوەی یان ئەو شتەی، کەچیرۆکنوس دەیبینێت لەڕێگای نوسینەوە وەسفەکە دەخاتەڕو، هەروەها وەسفکەر و وەسف بۆکراو هەیە. ڕەگەزەکانی چیرۆک هەمویان سود لەتەکنیکەکانی وەسف دەبینن، وەسف یەکێکە لەتەکنیکەکانی چیرۆک لەتەک ڕەگەزەکانی چیرۆکدا ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەڕێچکەی ڕوداو و جوانیناسی و شرۆڤە و بەرەوپێش بردن و بەردەوام بونی چیرۆکدا.

سۆسیۆلۆژیای ئەدەب زانستێکە "پەیوەندییەک لەنێوان کۆمەڵ و پرۆسەی ئەدەبی دادەمەزرێنێ و وەسفی دەکات بەهۆی ئەوەی، کە نوسەر گرێدراوی کۆمەڵە و ڕەنگدانەوەی سەردەمەکانییەتی و هەوڵدەدات بیگۆڕێت لە میانی سۆسیۆلۆژیایەک بۆ کۆمەڵگا فەراهام بکات" (تادیية، جان أيف، ترجمة: المقداد، ١٩٩٣، ٢٢٥) چیرۆکنوس هەوڵدەدات بابەتەکان لەڕێگای وەسفەوە شرۆڤەبکات بۆ ئەوەی تێکستەکە بەخوێنەر بگەینێت.

پێناسەی وەسف: "وەسف وەکو تەکنیکێکی تایبەت بە سستی گێڕانەوە، بریتییە لە خستنەڕو و پێشکەشکردنی شت و بونەوەر و ڕوداوەکان، لە شوێن و زەمینەی بونیان و لە دەرەوەی زەمەن و ئەرکی زەمەنییان، لە وەستانیان لە جیاتی بەردەوامبونیان" (سەعید، ٢٠٠٩، ١٣٠) لەکاتی وەسفکردندا کاتی چیرۆک دەوەستێت بوار بە وەسفەکە دەدرێت کاریگەری و ئەرکی خۆی ببینێت.

وەسف وەکو زاراوە: "وەسف وشەیەکی عەرەبییە، لە زمانی ئینگلیزیدا بە (The description, L ekphrasis) هاتوە" (آرون، بول، سان. د، فیالا. ج، فیالا. آ، ت: الدكتور محمد، حمود, ٢٠١٢, لاپەڕە ١٢٧٢) لەئەدەبی کوردیدا زیاتر وەسف بەکاردێت، لەبەرامبەردا وەکو زاراوەیەکی کوردی (پەسنی) بەکاردێت. وەسف لە فەرهەنگی حاجی قادری کۆییدا بەم شێوەیە هاتوە: "پەسن، ستایش، پێناسە" (برایمی، ٢٠٢٢، صفحة ٤٤٠) لە فەرهەنگی حاجی بە پەسن هاتوە.

هێرمۆجین لە سەدەی دوەمدا بۆ وەسف دەڵێت: "وەسف وتارێکی گشتگیر و زیندوە، ئەو تایبەتمەندییە لەبەرچاو دەگیرێت لەدەرخستنی ناسنامەی کەسێک یان شوێنێک یان ڕوداوێک، لەسەدەی پێنجەمدا ئەو زاراوەیە تایبەت بوە بەوەسفی شتە هونەرییەکان" (آرون، بول، سان. د، فیالا. ج، فیالا. آ، ت: الدكتور محمد، حمود, ٢٠١٢, لاپەڕە ١٢٧٢) وەسف پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەڕەگەزەکانی چیرۆک و لەگەیاندنی پەیام هەیە.

"دەکرێت دەقێک دروستبکەین تەنها بریتیبێت لە(وەسف)ێکی ڕوت، بەڵام ئەستەمە دەقێک بەتەنها گێڕانەوەبێت و وەسفی تێدا نەبێت" (سەعید ج.، ٢٠٠٩، صفحة ١٣١) دەکرێ دەقێک تەنها وەسف بێت، گێڕانەوە وەسفی تیادایە.

"دیاریکردنی سنوری نێوان وەسف و گێڕانەوە کارێکی ئاسان نییە! هەمو کاتێک گێڕانەوە بەوە لەوەسف جیادەکرێتەوە ناوەڕۆکەکەی چاوەڕوانکراو وڕاستەقینەیە". (آرون، بول، سان. د، فیالا. ج، فیالا. آ، ت: الدكتور محمد، حمود, ٢٠١٢, لاپەڕە ١٢٧٥) گێڕانەوە ناوەڕۆکەکەی زێدەڕۆیی تێدانییە چی ڕوییداوە، لەگێڕانەوەدا دەردەکەوێت، وەسف و گێڕانەوە بەتەریی تێپەڕدەبن، سنوری نێوانیان بەئاسانی لەیەک جیانابنەوە گێڕانەوە بریتییە لە چیرۆکەکان، بەڵام لەکاتی وەسفکردندا کاتی گێڕانەوەی چیرۆک دەوەستێت وەسفەکە ئەنجام دەدرێت.

"جا ئەگەر ڕەوش وابێت، مرۆڤ، کە ڕوبەڕوی ملیۆنان چیرۆک دەبێتەوە، ئاخۆ دەکرێ چی لەبارەی شیکردنەوەی گێڕانەوە بڵێت؟ ئەو هیچ چارەیەکی نییە جگە لەڕێکاری نیشانەگەرانە. ئەو هەر لەسەرەتاوە ناچارە نمونەیەکی گریمانە کراو بۆ پەسن بئافرێنێت، کە لە زمانناسانی ئەمریکیدا پێی دەڵێن "تیۆری". دوای ئەوە لە سەریەتی، کەم کەم دابەزێت بەرەو ئەو جۆرانەی لەیەک کاتدا لەگەڵی هاوبەشن و لێشی دوردەکەونەوە، هەر تەنیا لە ئاستی ئەم هاوجۆری و خزانانەدا، خۆی لەشیکردنەوەی فرەیی چیرۆک و هەمەچەشنیی مێژویی، جوگرافی و کولتوریانە دەبینێتەوە " (بارت، رۆلان،، ٢٠١٥، الصفحات ٢٧-٢٨) جگەلەوەی، کە وەسف پەیوەندی بە گێڕانەوە هەیە لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک ئەرکی ئەدەبی جێبەجێدەکات لە گەیاندنی زانستەکانی مێژو و کەلتور و جوگرافیادا.

١-٢ جۆرەکانی وەسف:

وەسف و جۆرەکانی زۆرن لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی ڕوکەش خراونەتەڕو، ئامانجی سەرەکیمان ئەرکەکانی وەسفە، لەڕێگای ئەرکەکانی وەسفەوە وردەکاری چیرۆکە ناوبراوەکان شیکردنەوە و ڕونکردنەوەیان بۆ کراوە مەبەست و مەرامی چیرۆکنوس خراوەتەڕو.

"هەرچی (فلۆبێر) یشە بێگومان بو بە ڕابەری ئەوەی بە شێوازی (وەسفی هونەرِیی پاڵفتە) ئەو وەسفەی، کەگەڵاڵە بوە بەکارامەیی چیرۆکنوس لەداگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری لاپەڕەکانی چیرۆک بۆ وێنەگرتنی دیمەنێك لە دیمەنەکان، لێرەدا وەسف جێگای وێنە فۆتۆگرافییەکەی گرتوەتەوە، بابەتییانە لەلایەن گێڕەرەوە وێنەکە دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر. چیرۆکنوسین لەسەر دو ڕەگەزی بنەڕەتی ڕادەوەستێت، کەئەوانیش بریتین لە: (گێڕانەوە و وەسف) ناتوانێت دەست لە هیچ کامیان هەڵبگیرێت، چونکە ئەو"تەخیولە"ی کە

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

گێڕانەوە دەیئافرێنی و ئەو بەرجەستەکردنەی، کەوەسف پێشکەشی دەکات ڕەگەزەکانی دیکە ئاشکرا دەکەن و سیما و ڕوالەتی بەرهەمی چیرۆکەکە پێکدەهێنن" (العاني، ٢٠٠٠، صفحة ٢٢)لێرەدا وێڕای ئەوەی، کە وەسف لەشێوەی گێڕانەوەیە، بەڵام ڕۆڵ دەبینێت لەو بابەتەی، کەنوسەر خوازیارە بە خوێنەری بگەیەنێت.

دو جۆر وەسفی دیکە هەیە:١- وەسفی وەستاو ٢- وەسفی جوڵاو. وەسفی جوڵاو: ئەو جۆرە وەسفەیە، کاتی گێڕانەوە بەردەوامە و ناوەستێت. وەسفی وەستاو: ئەو جۆرە وەسفەیە، کاتی گێڕانەوە دەوەستێت.

"وەسف بەبێ پاساو و پێویستی نایەتەدی، بەڵکو هەر برگەیەک لە خزمەتی بینای کەسێتیدا دەبێت، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە ڕافەو گەشەکردنی ڕوداودا دەبێت" (عبدالمهدي، ٢٠٠٢، صفحة ١١٤) وەسف لە خۆڕایی و بەبێ هۆکار ئەنجام نادرێت گرێدراوی کەسێتی و ڕوداوە.

پێوەندی وەسف بە گێڕەرەوە دو جۆرە: (وەسفێکی بابەتییانە"موضوعي"گێڕەرەوە بەتەواوی بێلایەنە و ئەوەی دەیبینێت وەسفی دەکات، ئەوی دی "انطباعي"یە، شتەکانی تێدا دیاریدەکرێت، هەروەها شوێنەکان لەتەك کەسێتییەکاندا بەپێی ئینتباعی کەسێتییە وەسفکراوەکە دەخرێتەڕو) (قاسم، ١٩٨٤، ٨٢) وەسف لەلایەن نوسەرەوە بابەتییانە یان خودییە حەزو ئارەزوی نوسەری تێدەکەوێت؟ لەڕاستیدا زیاتر حەز و ئارەزوی نوسەر دەخزێتە بابەتە وەسفکراوەکەوە.

"وەسف بەپێی پێوەندیی بەواتاوە سێ جۆرە: ١- واتای پەرش و بڵاو لەبەشەکانی وەسفدا ٢- وەسف پێش واتا بکەوێت. ٣- واتا پێش وەسف بکەوێت " (الجهيم، ١٩٧٧، صفحة ١٣٧) لە دابەشکردنێکی دیکەدا وەسف لەڕوی واتاوە کاریگەری خۆی هەیە بەتایبەتی لەکاتی جێگۆڕێ کردنیاندا نمونە لە کورتە چیرۆکی (لە شەقامی گەورە)دا:

(میر سەری لەژێر چەتری پایتونەکە دەرهێنابو.. سەیری ئەم لاو ئەو لای شەقامە گەورەکەی دەکرد، قادر ئەفەندیش لەقوڕنەیەکیناوە..خۆی وێک هێنابو!..نوتقی لێوە نەدەهات، تەنانەت چاوێکی بڵند نەدەکرد!!..) (مەم، ١٩٨٤، الصفحات ٧٣-٧٤)

لێرەدا واتای پەرش و بڵاوە لەبەشەکانی وەسفدا میر بە ئارەزوی خۆی چاودەگێڕێت، بەڵام قادرە ئەفەندی زاراوەی (ئەفەندی) بۆ فەرمانبەر بەکارهاتوە، شەرم دەکات و چاوی بڵند ناکات.

"وەسف بەحوکمی پێوەندییەکانییەوە بەڕەگەزەکانی تری چیرۆکەوە زۆر جۆری لێپەیدابوە، بۆیە بەپێی پێوەندیی بەڕەگەزە وەسفکراوەکانەوە دو جۆرە: وەسفێکی سادە، کەتەنیا شتە تایبەتە جیاکەرەوەکانی باسدەکات بە (وەسفی دەستبژێرکردن/الوصف الانتقائی) ناونراوە، ئەوی دیکە لە هەمو لایەنەکانەوە باس لە شتە وەسفکراوەکە دەکات، ڕۆدەچێتە ناو وردەکارییەکانەوە بەوەسفی سۆراخکردن (الوصف الاستقصائی) ناسراوە" (سەعید ئ.، ٢٠٠٨، صفحة ٨٦) لە دابەشکردنێکی دیکەی وەسفدا لەڕوی هەڵبژاردنی ورد یان باشترین هەڵبژێردراو."الوصف الانتقائي" لەفەرهەنگی (شیرینی نوێ عەرەبی کوردی)دا بەواتای چنینەوە، دەستبژێرکردن، هەڵبژاردن" (نیزامەدین، ٢٠١٥، لاپەڕە ١٩٨). دوەمیان بەواتای وەسفی سۆراخکردن یان لێکۆڵینەوە دێت. "الوصف الاستقصائي"گەڕا. پشکنی. کۆڵیەوە. بۆی گەڕا، کۆڵینەوە، هەڵسەنگاندن. بیرلێکردنەوە دێت" (نیزامەدین، ٢٠١٥، لاپەڕە ١٠٠).

"الوصف الانتقائي"یەکەمیان مانای وەرگرتن ودیاریکردنی باشتر یان پاکتر لەنێوان چەندان، وەسفی هەڵبژێردراو، ئەو وەسفەیە، کەنوسەر درێژدادڕی تیاداناکات، بەڵکو تەنها ئەوەی نوسەر مەبەستییەتی وەسفی دەکات، هەڵبژاردنی شتێک لەناو شتەکان بەگرنگی بەوردی و بەپشت بەستن بەپێوەری کوالیتی و باشترین و دیاریکراوەی. لەوەسفی (الوصف الاستقصائي) جۆرێکە لەوەسف، کە نوسەر وێنەیەکی تەواو دەربارەی شوێن و کەسێتی و ڕوداو دەدات، بەئامانجی وەسفێکی هەمەلایەن.

"وەسف لەسەر دو بنەمای دژیەک بنیاتدەنرێت:

١- وەسفی لێکۆڵینەوە، هەمەلایەنە (الاستقصاء) ٢-وەسفی هەڵبژێردراو(الانتقاء)

چیرۆکنوس کۆمەڵێک بابەتی لەبەر دەستدایە تەنها یەکێکیان وەسف دەکات." لەمبارەیەوە نوسەران ناکۆکیان لە نێواندا هەیە (بلزاک) لایەنگری بنەمای یەکەمە و بایەخ بە دور و درێژی باسکردنی ورد و درشتی شتەکان دەکات. بە پێچەوانەوە (تۆلستۆی) پێیوایە، ئەو دور و درێژییە خەیاڵی خوێنەر دەکوژێت بۆیە لایەنگری بنەمای دووەمە.."(سەعید، ٢٠٠٩، ١٣٣) وەسفی لێکۆڵینەوە و هەڵبژاردن دژیەکی تێدایە: ١-هەمویان وەسف دەکات ٢-تەنها یەکیان هەڵدەبژێرێ بۆ وەسفکردن. بۆ نمونە لەکورتە چیرۆکی (پیتاک)ی محەمەد مەولود مەمدا: وەسفی لێکۆڵینەوە، وەسفی هەمە لایەنە (الاستقصاء) "دایکە دەرونی هاتە کوڵین، بڵقی گریان گەروی گرت، بەری وەڵامدانەوەی کچە بچکۆڵەکەی بەست...بۆ ماوەیێک چاوەکانی لەسەر یەک دانان، لێوەکانی لەسەر یەک قرساندن، چەند جارێک سەری هەژاند، ڕوی هەڵبزرکا؛ بۆ ئەوەی کچۆڵەکەی لە چۆنیەتی ئاگادارنەکا، ڕوی وەرگێڕایە لای دیوار لە گەرویێکی وشک خوزیێکی قوت دایەوە "(مەم. ١٩٨٤، ١٦٥) دایکی کچۆڵە،کە کورێکی بەناوی شێرکۆ دەمرێت، بۆ ئەوەی دڵی کچەکەی غەمبار نەکات کۆمەڵێک وەسف و جوڵەی جیاجیا ئەنجام دەدات (دەرون هاتنە کوڵین، بڵقی گریان، چاو لەسەر یەک

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

دانان، قرساندنی لێوەکان، سەر هەژاندن، ڕو هەڵبزرکان، ڕوی وەرگێڕا لای دیوار، خوزی قوت دانەوە) ئەمانە گشتی کۆمەڵێک وەسفن یان وەسفی هەمەلایەنەن لەلایەن دایکی کچۆڵەکەوە بۆ ئەوەی مردنی برایەکەی بیربچێتەوە! لێرەدا لە شێوەزاری شەقڵاوە و ناوچەی خۆشناوەتی زاراوەی (قرساندن) بەواتای شاردنەوەی غەمباری و گریان دێت، هەروەها (خوزی) بە واتای (تف)کردن دێت.

بۆ نمونە لەکورتە چیرۆکی (پێشوازی)ی محەمەد مەولود مەمدا: وەسفی هەڵبژێردراو (الانتقاء) "هەرچەندە بەهار بو، بەڵام من ئەو بەیانییە زۆر سەرمام بو، لە سەرمان ملم کێشابوەوە ناو یەقەی کورتەکەکەم، دەستم لە گیرفانی شلوارەکەم شاردبونەوە...منداڵی برسی.. هەرگیز سەرما، لە لەشی دەرناچێ!!...کەواتە، سەرما بونەکەم دەبێ هی زگ ئێشەکەبێ! "(مەم، ١٩٨٤، ١٢٩-١٣٠) لە سێ وەسفدا تەنها مەبەستی وەسفی(نەبونییە)، جاری یەکەم لە وەسفی سەرمای وەرزی بەهاردا، دوەمیان وەسفی کێشانەوەی ملی بۆ ناو یەقەی و سێیەمیان وەسفی برسییەتی بەردەوامی بەهۆی نەبونی و نەداریەوە. هەر سێ زاراوەی (یەقە و شلوار و گیرفان)، کە زیاتر لەشێوەزاری خۆشناوەتیی بەکاردێت.

١-٢ ئەرکەکانی وەسف لەچیرۆکدا:

چیرۆکنوسان بۆیان هەیە تەکنیکی وەسف بۆ گشت ڕەگەزەکانی چیرۆک بەکاربهێنن لەڕوداو، کات، شوێن، کەسێتی، هەروەها دەتوانن وەسف بۆ بچوکترین و کەمترین و بێ واتاترین شت وەسف بکەن بەئەرێنی و نەرێنییەوە، وەسف تەنها بۆ ڕازاندنەوە نییە! بەڵکو دەرخستنی لایەنی دزێو وناڕێکیشە.

" زۆرجار چیرۆکنوس لەشتەکان ڕادەمێنێت و بەناویدا شۆڕدەبێتەوە و وەسفی دەکات، ئیدی ئەو وەسفە بەشداری لەجوڵاندنی ڕوداودا دەکات یان دەبێتە خشڵێکی جوان؛ شتی وەسفکراو لەپێنج ڕوەوە وەسف دەکرێت: "مادەی شتەکە، ڕەنگەکەی، ڕواڵەتی، شێوەی، کاتەکەی و شوێنەکەی (سەعید، ٢٠٠٨، ٨٦) ئەو کەسانەی، کە دەکەونە بەر وەسفی نوسەرەوە: یەکەمیان لە شێوەی دەردەکەوێت، دوەمیان ناو ناخی کەسەکەیە، کە خستنەڕوی زۆر ئاسان نییە! سێیەمیان ڕوی ڕواڵەتی، ئەوەی لە ڕوخسار بەدەردەکەوێت، چوارەمیان لە کاتەکەی، پێنجەمیان لە شوێنەکەی دەردەکەوێت.

"حەمید ئەلحەمەدانی لەکتێبی"بنیادی دەقیگێڕانەوە" لەسنوری ئەرکی وەسفدا دو ئەرکی دەستنیشانکردوە، کە بریتییە لە ئەرکی ڕازاندنەوە و ئەرکی ڕاڤەکاری، کە ئەرکەکانیان لە وەسفدا جیاوازە (حمید، ٢٠٠٠، صفحة ٧٩)،کە هەمان بۆ چونی "جیرار جینێت"ە لە سنوری گێڕانەوەدا.

"زۆربەی نوسەران هەوڵدەدەن بینای هەردو ڕەگەزی شوێن و ڕوداو واقیعی بێت هەندێکیان مەیلیان ئەوەیە وەسفکردنی شوێنەکە بخەنەڕو لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی ڕۆڵی دیار و ڕاستەقینەی پێ بدەن. " (جنداري، ٢٠١٣، ٢١٤) ئەوەی لە شوێن و ڕوداوەکاندا بەر چاویان دەکەوێت بە واقیعی بیخەنەڕو لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی ڕۆڵی دیار و ڕاستەقینەی پێبدەن و بە ڕاستی بزانن.

بەڵام"حەبیب مونسی" ئەرکەکانی وەسف لە سێ ئەرکدا کۆ دەکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە: ئەرکی ڕازاندنەوە و ئەرکی و ێنایی و ئەرکی شرۆڤەیی". (حبیب، ٢٠٠٣، الصفحات ١٧٧-١٧٩) لێرەدا وێناکردنی ڕەگەزەکانی چیرۆک دەچێتە بواری وەهم و خەیاڵەوە.

هەروەها"صادق قسومة"ش لەکتێبی"ڕێگاکانی شیکردنەوەی چیرۆک"دا ئەرکەکانی وەسفی بەم شێوەیە پۆلێنکردوە"ئەرکی هەواڵی، ئەرکی پەرەپێدان، ئەرکی گۆڕانکاری، ئەرکی نواندن، ئەرکی تەعبیرکردن، ئەرکی دەربڕینی دەرون، ئەرکی ڕازاندنەوە، ئەرکی بەرهەمهێنان" واتا، ئەرکی هێمایی (قسومة، ٢٠٠٠، صفحة ٢١٠) ئەگەر بە دوای ڕاوبۆچونی نوسەران و توێژەراندا بچین بۆی هەیە ئەرکی دیکەی بۆ زیادبکرێت لای توێژەران و نوسەرانی کورد بەتایبەتی لای نەجم خالد ئەڵوەنی پێنج ئەرکی وەسف دەستنیشانکراوە:"١- ئەرکی وەسف لەشوێن و کارەکتەر ٢-ئەرکی ڕازاندنەوە ٣- ئەرکی بەرجەستەکردنی وێنەی مادی کەسێتییەکان ٤- ئەرکی گەیاندنی کۆمەڵێک واتای فەلسەفی و کۆمەڵایەتی ٥- وەسف دەتوانێت جۆرە پشوویەک بە خوێنەر بدات بەتایبەتی دوای خوێندنەوەی هەندێک ڕوداوی وروژێنەر بۆی هەیە ئەرکی دیکەی بۆ وەسف دیاریبکرێت"(نەجم، ٢٠٠٤، ٣٠٨)

لەڕاستیدا لەم توێژینەوەیەدا ئەرکەکانی وەسف لە دەرخستنی واقیعی شارۆچکەی شەقڵاوە لە دۆڵی خۆشناوەتیدا، کە لەسااڵنی دوای جەنگی جیهانی دوەم، کە ژیان و گوزەران و شێوەزاری خۆشناوەتی لەم سەردەمەدا بەکارهاتوە، کە هێشتا کاریگەری سیاسەت وحکومڕانی لەسەر دەستەواژەی بەکارهاتوی پاشماوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی کاریگەری بەسەر زمان و گوزەرانی خەڵکدا مابو! وەکو زاراوەی: (کەڵاکچی، قۆڵچی، مەئمور، ئیستیلاک، قەسناغە مزاش، کەرسندم کردن، ئەسکورد، تیرەقەی پشت، تەڕۆک وکلێژە، گوردێکم تێڕوهات، گۆتبونی پێ، شۆڕەی بلوسکە...پەیتون، زەنگوڵە، سۆراخ و هەیوان، ڕاقەنا).

١-٢: ئەرکەکانی وەسف لەڕوی تیۆرییەوە:

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ڕاوبۆچونی بیرمەند و نوسەران دەربارەی ئەرکەکانی وەسف جیاوازە، پێمان باش بو لەم توێژینەوەیەدا تەنها سێ ئەرک لەڕوی تیۆرییەوە لەچیرۆکەکانی مەمدا بخەینەڕو"١ - ئەرکی ڕازاندنەوە ٢- ئەرکی ڕافەکاری"تەفسیری" یان شرۆڤەیی ٣- ئەرکی وەهمی، خستنە گومانەوە"ئیهام". (العاني، ٢٠٠٠، صفحة ٢٢) ئەرکەکانی وەسف لێرەدا لەم سێ جۆرەی ئەرکی وەسفدا لەکورتەچیرۆکەکاندا لە ڕوی پراکتیکەوە کارمان لەسەر کردوە.

١- ئەرکی ڕازاندنەوە

وەسف لە چیرۆکدا بەگشتی بۆ دەرخستنی تایبەتمەندی کات و شوێن و کەس و ڕوداوەکانە، بەو شێوەیەی، کە خۆی مەبەستییەتی وەسف لەخزمەتی ڕێچکە و بەردەوامی چیرۆکەکەدایە. ئەرکی ڕازاندنەوەیی: تەنیا بۆ تێرکردنی مەبەستە جوانکارییەکەیە؛ هیچ کار لەبینای هونەریی چیرۆکەکە ناکات، تەنیا جوانیی پێدەبەخشێت، دەرخستنی هەردو لایەنی جوانی و ناشیرینی هەروەها وێنەگرتنی شتەکانە بەشێوەیەکی وا کە خوێنەر بە ئاسانی ڕوداوەکە یان دیمەنەکە بکەوێتە بەرچاوی ئەو ڕازاندنەوەیە وا لەکەس و شوێن و ڕوداو و دیمەنەکان دەکات جوانتر و درەوشاوەتر دەربکەون، بەکورتی هەندێک لە هوشەکاری تێدایە، کە چێژی زۆرتر بە ڕەنگاوڕەنگی بە خوێنەر دەبەخشێت، ئەو جۆرە لە ئەرکی وەسفدا ڕازاندنەوەیە تەنیا پیشاندانی شتەکان و کەسەکان و شوێن بە هۆی زمانەوە دەتوانرێت دەق برازێنرێتەوە جوانتر لەوەی کە هەیە.

"لە ڕوانگەی ڕۆنسارەوە داستان ناوەندێک و ژانرێکی گونجاوە بۆ ڕازاندنەوە و گەورەکردن و دەرخستنی تواناکانی زمان" (آرون، بول، سان. د، فیالا. ج، فیالا. آ، ت: الدكتور محمد، حمود, ٢٠١٢, لاپەڕە ١٢٧٣) ڕۆنساری ئەندامی لاپلیادی سەرەتای شۆڕشی فەڕەنسیی، داستان بە ژانرێکی لەبار دادەنێت بۆ وەسفی ڕازاندنەوە، کە تیایدا دەرخستنی کەسێتی و کەلوپەل و شتەکان گەورەتر و جوانتر و ڕازاوەتر لەوەی خۆی، کە هەیە نیشان دەدات.

"وەسف لای"بلزاك"و"فلۆبێر" گرنگیی زۆریان پێدرا پاش ئەوەی، کە ئەرکی تازەشیان خستە ئەستۆی وەسف، بەم پێیەش چەمکی واقیعییەت لای"بلزاك"لە گواستنەوەیەکی دەقا و دەقی واقیع بۆ واقیعێکی بابەتییانە "موضوعي"، کە لەناو بەرنامەیەکی جوانیناسیدا خستییانەڕو، کە هونەرەکەی زۆر لە وێنەگرتنی فۆتۆگرافی واقیع دورخستەوە، وەسفەکەی جارانی سروشتێکی ڕافەکاریی"تەفسیری" و بەهێماکردنی هەبو، چونکە ئەو گرتەیەی کە وێنەی کەسێتییەکان؛ دەگرێت و وەسفی کەلوپەلەکان و کەرەستەی ناوماڵەکانیان دەکات؛ ئەو هەڵدەستێت بە لادانی پەردە لە لایەنی کەسییەوە و بەشێوەیەکی وا دەیخاتە ڕو وەکو ئەوەی لە ناوەوە وێنەیانی گرتبێت" (صلاح، ٢٠٠٠، صفحة ٢٢) لەڕێگای وەسفەوە دەرون و ناخیان و دەلالەتەکانیان ئاشکرا دەکات.

بەهۆی ئەوەی زمانێکی دەوڵەمەندی تێدا بەکاردەهێنرێت، لەڕوی ڕەوانبێژییەوە، بەبەکارهێنانی زمانێکی شیعریی و وێنەی جوان و دەستەواژەی پڕ هێزی واتایی و دەلالەت، تەنانەت دەنگی پیتە ئاوازەدارەکانیش، هەمو دەبنە هۆی ڕازاندنەوە و نەخشاندنی دەق. لێرەدا (محەمەد مەولود مەم) لە کورتە چیرۆکی (پیاو) دا لە وەسفێکی ڕازاندنەوەدا دەڵێت: "ئەو وەختە جوتە کالەکێکی خۆشناوانی دەستکردی وەستا سەعیدم لەپێ بو!! کاڵەکەکان ڕۆخ و سەرسمکیان بە دەزوی شین چنرابونەوە، کورتەکێکی تەشک شۆری سەرباسک فراوانی پڕ لۆکەم لەبەر بو...بەسەر دەرپێ یەکی خامی پاک دام هێنا بو" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤٠) ئەرکی ئەو وەسفەی، کە نوسەر بۆ کەڵاکی دەستکردی وەستا سەعیدی کەڵاکچی دەکات وەسفی ڕازاندنەوەیە. کەڵاک و کڵاش و کەوش و پێڵاو، پێڵاو ساز، کەڵاکچی، پینەدۆز هەریەکەیان بۆ سەردەمێک دەگەڕێنەوە، بەشێک لەزاراوەکان بۆ سەردەمی داگیرکاری عوسمانلی لەکوردستاندا دەگەڕێتەوە. یان پێڵاو سڕ، بۆیاغچی (پێڵاو)، پێڵاو ماچکردن، واتای مەراییکردن دێت.

٢- ئەرکی ڕافەکاری (تەفسیری)، ئەرکی شرۆڤەیی:

ئەرکی شرۆڤەکردن و دەرخستنی جۆری شوێن و ڕوداو و کەسێتییەکەیە، کە نوسەر مەبەستییەتی ئامانجی وێنەگرتنی کەسێتییە، لەگەڵ بەیانکردنی ئەوهۆیانەی ئەو ڕەفتارەیان پێداوە، هەروەها کارەکان و هەڵسوکەوتەکانی بخاتەڕو، ئەوەش لە ڕێگای وەسفکردنی ژینگەو دەوروبەرەکەیە، لەتەك هەمو ئەوانەی بەدوایدا دێت کۆکردنەوەی زانیاری زۆر ورد و شاراوە و کاریگەر و لەڕستە و دەستەواژەی کورت و چڕ و خێرادا بە دەقەکە تاکو کەسێتی ناو دەقەکە بەجۆرێك بخرێتە پێش دیدی خوێنەر، کە بتوانێت زۆر لایەنی کەسێتییەکە یان شوێنەکە یان کاتەکە ئاشکرا بکات، پڕۆسەی گێڕانەوەکە خوێنەر درکی پێبکات و جۆرە مەبەستدارەکە بدۆزێتەوە و وێڵ نەبێت بەدوای واتا ڕاستەقینەکە و ئاشناکردنی کەسێتییەکە لەگشت لایەنەکانی ژیانییەوە، بەتایبەتی بەزمانێك، کە ڕەوانبێژی شیعری و خواستن (میتافۆر) و وشەی دەلالەتدار لەڕێگای ئەو وەسفە وردەوە زانیاری و وێنەیەکی تەواوی جۆری کەسێتی یان شوێن یان ڕوداوی مەبەست دیاری بکات و واتا ڕاستەقینەکە بیگەیەنێتە خوێنەر. دیارە وەسف "لە هاتنە کایەی ڕۆمانی نوێ وە ئەرکی وەسفیش گۆڕانی بەسەرداهات، لەڕەگەوە لەوەسفی سەدەی نۆزدەهەم جیاوازتر بو، چونکە جاران تەنیا بۆ دیکۆربو، لەگەڵ زۆر بونی لێکۆڵینەوە لە بواری وەسفدا، جیاوازی پلە و پایەیان لە ئەدەبی بەچیرۆکنوسراودا دەبینرێت لەجۆرەکانی وەسف و ئەرکەکانی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

وەسفدا" (یقطین، ١٩٩٣، صفحة ٧٥) دیارە کاتی ڕوداوە ڕاستەقینەکە کاتی گێڕانەوە، کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکە، زۆر شتی کۆن و گۆڕانکاری لەسەر ئاستی پێشکەوتن و لایەنی ئابووری و زمانەوانی و کۆمەڵایەتیدا دەکرێت بە تایبەتی لە چیرۆکەکانی مەمدا بونی ئاش لەهەردو سەردەمەکاندا لەسەدەی ڕابردو بەئاو کاری دەکرد، بەڵام لە ئێستادا بە ئامێری هاڕینی گەنم و جۆ وزەی کارەبا و ئامێری پێشکەوتوتر بەکاردێت، هەروەها جلوبەرگ و پێڵاو، لەسی و چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەم کڵاش و جلوبەرگی کوردی بو، لە ئێستادا لە سەدەی بیست و یەکەمدا هەمان جلوبەرگ گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە لە جۆری جلوبەرگ داپۆشیندا و کڵاشی کوردی زۆرجار لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکەی کوردستان جیاوازە، بۆ نمونە کڵاشی هەورامان لەڕوی زاراوە و جۆری دروستکردن لەگەڵ ناوچەی خۆشناوەتی جیاوازە. ناوچەکانی دیکەی کوردستان و جلوبەرگی کوردی ژنانە و پیاوانە لە ڕۆژهەڵات و باکور و باشوری کوردستاندا کەمێک جیاوازن، ئەم جیاوازییانە بەهۆی ئەرکەکانی وەسف، کە نوسەر لەڕێگەی ئەرکی ڕاڤەکارییەوە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەیەکیان جیادەکاتەوە.

٣-ئەرکی خستنە گومانەوە (وضیفة ایهامیة) یان وەهمی:

ئامانجی ئەوەیە، کەخوێنەر بخاتە ئەو گومانەوە، کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە واقیعییە و ڕاستەقینەیە، ئەمەش بە ڕێگای بایەخدان بە وردەکاریی ڕوالەتی دەرەوە، و ڕەنگە پتر لە ئەرکێك لە برگەیەکدا کۆببێتەوە، بەتایبەتی هەردو ئەرکی ڕاڤەکاری وخستنەگومانەوە، چونکە بەزۆری پێکەوە دێن بە تایبەتی لە ئەدەبی واقیعي، ڕیالیزمیدا."ئەرکی واتایی: زیاتر بایەخ بەڕەهەندە دەرونیی وکۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەر دەدات"(سەعید، ٢٠٠٩، ١٣٢)، بەڵام"(سیزا قاسم) ئاماژە بە ئەرکێکی تری وەسف دەدات، کە (وەسفی ئیهامیە یان وەهمی)یە و نوسەر، بەجۆرێک خوێنەر تێکەڵ بەجیهانی خەیاڵیی ڕۆمانەکەی دەکات، کە بە چاوی ڕاستیی و واقیعی شوێنەکان بڕوانێت" (جنداري، ٢٠١٣، صفحة ٢١٤) یەکێک لە ئەرکەکانی نوسەر ئەوەیە، وا لە خوێنەر بکات، کە جیهانی خەیاڵ و سەرو سروشتی بە ڕاستی بزانێت و تێکەڵاوی ببێت.

"جا ئەو کات، یەک تاکە ئامرازی بۆ پەسنی کردن (وەسف کردن)ی پێدراوە. بۆ ئەوەی مرۆڤ پەسنی بۆ چیرۆکی بێ کۆتایی دابنێت، ئەوا پێویستی بە "تیۆرییەکە"(بەو واتا پراگماتییەی، کە باسمان کرد). جا ئەگەر کارێک هەبێ و دەبێ پێوەی خەریک بێت، هەڵبەت ئەو کارەش دەبێ گەڕان بێت بە دوای تیۆرێک، هەروەها دانانی هێڵکارییەکیش بۆی. دەکرێ ئامادەکاری بۆ ئەو تیۆرییە گەلێک ئاسان بێت، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بە نمونەیەکەوە پەیوەست بین، کە یەکەمین زاراوە و یەکەمین بنەمای هونەری پێدەدات. هەڵبەت لە کاتی توێژینەوەدا گرنگە، کە خودی زمان بکەینە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ شیکردنەوەی بونیاتگەرانەی گێڕانەوە." (بارت، ڕۆلان،، ٢٠١٥، صفحة ٢٨) ڕوداوێک، کە بەسەر کۆمەڵێک کەسدا دێت بۆ گێڕانەوەی ڕوداوەکە، کە یەکێکە لە ئەرکەکانی وەسف، هەرکەسێک لە کۆمەڵەکە لە گۆشەنیگایەکەوە ڕوداوەکە دەبینێت و دەیگێڕێتەوە، لەگەڵ تێکهەڵکێشکردنی ڕوداوەکە یان ڕەنگدانەوەی کەسێتییەکە لە ڕوی کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئەدا و شێواز و تێڕوانینی خۆیەوە هەڵدەستێ بەئەرکی گێڕانەوە.

٢-٢: ئەرکەکانی وەسف لەهەردو کورتە چیرۆکی (پیاو و لەشەقامی گەورە)دا.

١-ئەرکەکانی وەسف لە کورتە چیرۆکی (پیاو)دا

ئەرکی وەسف لە (چیرۆکەکانی مەم) ناونیشانی کۆمەڵە کورتە چیرۆکێکە ڕوداوەکانی لە دەیەی سالانی چل و پەنجاکانی سەدەی بیستەم لەلایەن نوسەر "محەمەد مەولود مەم" نوسراوە، لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە لەهەوڵێر بەکۆمەڵێک هەڵەی خۆنەکردی و چاپەمەنی و خاڵبەندی بڵاوکراوەتەوە، دواتر لە دو چاپی جیاوازدا لەدو توێی دو بەرگی یەک لەدوای یەکدا بەچاپ گەیاندوە، چاپی یەکەم لە گۆڤارەکانی هیوا و بڵێسە و بڵاوکراوە کوردییەکانی ئەو سەردەمە لەسالانی ١٩٦٩-١٩٧١بڵاوکراوەتەوە. چاپی دوەم لەچاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر لەسانی١٩٨٤بەچاپ گەیاندوە. زیاتر ڕێبازی ڕیالیزمی بەواقیعیانە کەسێتی و ڕوداوەکان و شوێنەکان و کەرستەکان و شێوەزاری ناوچەیی پایەتەختی خۆشناوەتی (شەقڵاوە) ئەو سەردەمە خراوتەڕو، بۆ دەرخستنی ئەمانە، وێڕای ئەرکی گێڕانەوە ئەرکەکانی وەسف، کە سێ جۆرن بەرجەستە کراوە، نوسەر زۆر بە وردی ڕەگەزەکانی چیرۆکەکانی وەسف کردوە بە شێوەیەک خوێنەر دەخزێنێتە سەردەمەکە و جۆری ژیان و شێوەزار و کەلوپەل و جلوبەرگ و کەڵاک "کەڵاش"ی کوردی ئەو سەردەمە وەکو خۆی دەربخات، کە جیاوازە لەسەردەمەکانی دیکەی دوای خۆی و پێش خۆیدا لەڕوی زاراوە و کەلوپەل و (کەلەپور) جلوبەرگ و داموددەزگا و ڕێگاوبان و هۆیەکانی هاتوچۆدا.

کورتەچیرۆکی (پیاو) باس لە خێزانێکی هەژاری شارۆچکەی شەقڵاوە دەکات، کە لە دو ئەندام پێکهاتوە دایک و کوڕێک، لە سەرەتادا باوک تەمەن بەچێ دەهێڵێ، تەنها بێوەژنێک و مێردمندالێک دەمێننەوە، کە بێوەژنێکی دیکەش دراوسێیانە، ڕۆژێک پلان دادەنێن کەوا بچن بۆ ئاشی گوندی حوجران کە تەنها گوند بو لە ناوچەکەدا ئاشی لێ هەبو، ئیتر نوێژی بەیانی دەکەن و بە تاریکی و بە ترس

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

و لەرزەوە بە کەر و بارەوە بەڕێدەکەون بۆ ئاش بۆ باراش لێکردن، لەڕێگادا، کە بە بناری چیای سەفیندا دەڕۆن تا وەکو بە ئاشەکە دەگەن و باراشەکە لێدەکەن و دەگەڕێنەوە.

" من ئەو دو چیرۆکە (پیاو... و ... لە شەقامی گەورە)م زۆر خۆش دەوێن، بۆخۆم خۆشم دەوێن!! ئەمانە ڕەنگی ئازارەکانی سەردەمی منداڵیم و هەرزەکاریم دەدەنەوە " (مەم، ١٩٨٤، صفحة ٣)دیارە نوسەر لەکۆی چیرۆکەکانیدا ئەم دو چیرۆکەی لا خۆشەویست بوە، کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردودا نوسراوە، لەبیرمان نەچێت محەمەد مەولود مەم زیاتر چیرۆکەکانی ڕیالیزمن بەشێوەیەکی واقیعی ڕویانداوە یان بەشێک بوە لەژیانی پڕ لە ڕوداو و نەهامەتی و مەینەتی خۆی و ژینگەکەی، کە تیایدا ژیاوە، هەر لەمنداڵییەوە بەبێ باوکی گەورەدەبێت و دایکی بەکوڵەمەرگی پەروەردەی دەکات، ڕەنگدانەوەی حکومڕانی عوسمانلییەکان زۆر بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت، زاراوە گەلێک بەکارهاتوە باکگراوندی ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی عوسمانییەکانە لەنمونەی: قۆچانی ڕەش و مەئموری قۆڵچی و مەئموری ئیستیلاک و کەڵاکچی.

لە کورتە چیرۆکی (پیاو) دا محەمەد مەولود مەم کارەکتەری سەرەکی شێرکۆیە دەڵێت:"لەلایەن جلوبەرگیشەوە خوا هەقە چ درێغی بۆ من نەدەکرد ئەو وەختە جوتە کاڵەکێکی خۆشناوەتی[خۆشناوانی] دەستکردی وەستا سەعیدم لەبێ بوا!! کاڵەکەکان ڕۆخ و سەرسمکیان بە دەزوی شین چنرا بونەوە کورتەکێکی تەشک شۆڕی سەرباسک فراوانی پرلۆکەم لەبەر بو...بەسەر دەڕێ یەکی خامی پاک دام هێنا بو، بەڵام ئەوەم پێ سەیر بو، کە هەر لەپێڵاو و کورتەکەکەم، هەتا دەڕێ کەشم، لە لەشم گەورەتر و فراوانتر دروست کرابون" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤٠) کڵاشی کوردی بە چەند زاراوەیەکی جیا جیا هاتوە (کەڵاک، کڵاش) بە کڵاش درو دەگوترا (کەڵاکچی) کە لەزمانی عوسمانییەکانەوە وەرگیراوە، جۆرێکی دیکەی پێڵاو بە یەمەنی ناسراو بو، هەروەها کەفشی ئێرانی و کەوشی کوردەواری. لە وەسفێکی شرۆڤەیی و ڕازاندنەوەدا نوسەر دەبارەی چۆنییەتی چنینی کڵاشی کوردی لەلایەن وەستا سەعیدی خۆشناو بەداو تەنافی ڕەنگاوڕەنگ بەدەست چنرا بو لە ئێستادا کڵاش دورین بە چەند وردە ئامێرێکی دەستکردی خۆمانی ئەو کارە کەلەپوورییە ناوازەیە ئەنجام دەدرا، هەروەها باس لە کورتەک و شەروانی ئەو سەردەمە دەکات لە شەقڵاوە و دەوروبەری مرۆڤی کورد پۆشیویەتی، لە ماوەی شرۆڤەکردنی جلوبەرگەکەدا دەڵێت: کورتەکەکەی تەشک شۆڕ بوە دیارە لەو سەردەمەدا مرۆڤی کورد کورتەکەکەی بەسەر شەروانەکەیدا شۆڕ کردۆتەوە، هەروەها پێمان دەڵێت: سەرباسکی کورتەکەکەی فراوان و پڕ لۆکە بوە، جگە لە جوانی جلوبەرگەکە بۆ پۆشتەکردن بۆ بەرگەگرتن بو لە سەرما و سۆڵە.

" سەرم لەو نەهێنیە [نهێنییە] سوڕما بو، کە بوەتە هۆی دروستکردنیان بەم هەمو فراوانی و فش و فۆریە!!؟ هەتا لەدواییدا تێگەیشتم، کە دایکم ئافرەتێکی دوربین و ژیر بوە و لەڕێ و شوێنی ئابوری و چۆنیەتی لەژیاندا بەڕێوەچون، شارەزاییکی کەمی نەبوە، و ئەو جلوبەرگ و پێڵاوەی بۆ ئەوە بۆ نەکردبوم، کە ساڵ بە ساڵ بە دەستەییکی نوێ، بیانگۆڕم.. چونکی هەتا خەتی سمێڵم ئاشکرابو هەر ئەو پێڵاوە و هەر ئەو کورتەکە بون!" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤٠) دیارە جلوبەرگ و کڵاش دورین بەتایبەتی بۆ منداڵ و هەرزەکار دەبوایە گەورەتر بدورێت، چونکە پێیان وابو لەگەڵ بەژن و باڵاکردن جلوبەرگەکە بۆیان کورت دەبێت!؟ لەشرۆڤەیەکی دیکەی کەڵاک و کورتەک و درێژیەکەدا، کە لەتەمەنی منداڵەکە گەورەتر و فراوانتر دەیاندوری، (بەفش و فۆڕی) ئەرکی شرۆڤەییە، لە لایەنی ئابورییەوە نەیان دەتوانی هەمو ساڵێک کەڵاکێک یان قاتێک کورتەک و شەروال لەلای کەڵاکچی و بەرگدرو بدورن.

"پێڵاوەکان سێ جار لەسەرییک پینە کرابون و شکل و شێوەی هەوەڵ جاریان پێوە نەمابو، ببون بە جۆرە جەناوەرێکی[جانەوەرێکی] سەیری بەسەنگی بن ئەستور.. وەک شاخی کیسەڵیان لێ هاتبو !" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤٠) پینە و پەڕۆی زۆریان بۆ کراوە! وایان لێ هاتوە، کە ناناسرێنەوە؟ لێرەدا وەسفکردنی پێڵاو بە(جانەوەر) وەسفێکی گومان پەیدا کردنە (وهم) ی چەندین جار پینەی کەڵاک و پینەی کورتەک و دەرپێیە خامەکە، لەبەر هەژاری و نەداری شکڵ و شێوەیان گۆڕا بو.

لە کورتەچیرۆکی پیاودا"کورتەکەکەش ئەوەندە کۆنە لۆکەی تێبئاخنرێ و کەچە پینەی پێوە بدورێت.. ببوە نیمچە لیفکەیەک!!. بەڵام ئەو ساڵەی، کە باسی دەگێڕمەوە، هێشتا یەکەم ساڵی ئەو جلوبەرگ و پێڵاوەم بو، بەخۆشم ئەو ساڵە بەچاکی گوێم لە ئامۆژگارییەکانی دایکم دەگرت، لە ناو خۆڵ و قوڕ و چڵپاو گەمەم نەدەکردن..لوتم بە باسکی کورتەکەکەم نە دەسڕیەوە بۆیێ؛ دیمەنم پاکوخاوێن دەهاتە بەر چاو ...خەڵک بێزی لێ نەدەکردمەوە"(مەم، ١٩٨٤، الصفحات ١٤٠-١٤١) مەم لە وەسفێکی گومان پەیداکردند باس لە دو سەردەمی جیاواز دەکات، هەر وەکو خۆی باسی کردوە لەکورتە چیرۆکی "پیاو"دا، کە زۆر نزیکە لەوەی سەردەمی منداڵی خۆی بێت، لەبەشی یەکەمیاندا، کە لە جۆری وەسفی گومان پەیداکردنە (وهم)ە کورتەک و دەرپێیەکەی، کە بەفش و فۆڕی بەدەستی مەبەست وا دوراون و شۆڕی دەکردەوە لە سەر شەروالەکەیدا کە لە ئێستادا کورتەکەکە لەناو شەروال دادەنێن و پشتێن دەبەستن، خۆشی لەدوای مردنی باوکیدا تەمەنی زۆر بچوک بوە گوێی بە ئامۆژگاری دایکی نەدەدا لیکی دەم و چاو و چڵمی لوتی بە باسکی کورتەکی دەسڕییەوە، بەڵام لەبەشی دوەمی سەردەمی پۆشینی کورتەک و دەرپێ خامەکەیدا زیاتر گوێی بە

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئامۆژگارییەکانی دایکی دەدا بەهۆی ئەوەی، کە تەمەنی بەرە بەرە هەڵدەکشا و فامی دەکرد، کەچی جلوبەرگەکەی بەرەو تلیشان و بەهۆی زۆری پینە و پەڕۆ وەکو لیفکە زبر بو بو، هەروەها کاڵەکەکەی زۆر پینە و پەڕۆی بۆ کرابو وەکو جانەوەرێکی لێهاتبو نەدەناسرایەوە!، لە ڕوی زاراوەوە (کەچە پینە، گەمە) زیاتر لە شەقڵاوە و دەورو بەریدا بەکاردێت.

لە کورتە چیرۆکی (پیاو)دا "شەوێک.. لەشەوانی ئەو کاتەی ژیانم، لەگەڵ دایکە پیرەکەم و پورە زوڵێخای دراوسێمان،..کە پیرەژنێکی کەڵەگەتی چاوگەشی دەنگخۆش بو، ئەگەرچی گاسنی ڕۆژگار گەلێک کەندو کۆسپ و قۆرتی لەسەر ڕوە پانە زەردە تەماویيەکەی هەڵکەندبون، بەڵام سیمای جوانی ..گەنجیەتی ڕابردوی هێشتا هەر لەسەرما بو." (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤١) لەوەسفی یەکەمدا ئەرکی ڕازاندنەوە دەبینێت، باسی جوانی و دەنگ خۆشی پورە زوڵێخا دەکات، بەڵام لەوەسفی دووەمدا ئەرکی گومان پەیداکردن دەبینێت، کە لە وەسف کردنی پورە زوڵێخا بەردەوام دەبێت و ئەو جارە لەڕێگای ئەرکی وەسفی گومان پەیداکردن باس لە کەوتنە ناو تەمەن و هاڕینی تەمەن بەهۆی ڕۆژگارەوە، کە لۆچی لە نێوچەوانی دروست کردوە، دیسان جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر ئەرکی وەسفی ڕازاندنەوە باسی جوانی پورە زوڵێخا دەکات لەگەڵ ئەوەی، کە کەوتۆتە ناو تەمەن، بەڵام هێشتا جوانییەکەی خۆی لەدەستنەداوە.

"چونکە خۆت دەزانی، کو ئاشەوان و فرمانبەری ئیستیلاک و قۆڵچی وەک کللۆ تێی بەردەبن..ئەمە جگە لەڕەسمی حکومەت و ئاغای خاوەن ئاشیش بەجێی خۆی" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤٢) لێرەدا لەوەسفێکی شرۆڤەییدا باس لە بێ ویژدانی ئاغا و بەگەکان و فەرمانبەری ئیستیلاک و قۆڵچی دەکات لەشێوەی کللۆ چۆن دەغڵ و دان قەڵاچۆ دەکەن، ئەوانەش بەهەمان شێوە خەڵک دەڕوتێننەوە، لە ڕوی بەکار هێنانی زاراوەی پیشەیی سەردەمی عوسمانییەکانەوە (فەرمانبەری ئیستیلاک و قۆڵچی) ئەو فەرمانبەرانە کورد بون لەلایەن عوسمانییەکانەوە دامەزرا بون ئیشیان باج و سەرانە وەرگرتن بو. زاراوە لە شێوەزاری خۆشناوەتیی (کو، ئاشەوان، کللۆ)، کو: چۆن و کللۆ بە واتای: کولە.

"ئەم..دە خوشکم ئەوهایە، بەخودا و بەسەری شێرکۆ، ئەوەتەی ئەم گورگانە زاریان لەماڵی هەژاران هەڵپچکڕیوە، من هیچ وەختێک بەلای ئاشەکەی شارەوە نەچوم و لەپاش ملەی مەئمورو قۆڵچی بەکۆڵ یان بە وڵاخ باراشەکەی خۆم، هەربردوتە ئاشەکەی (حوجران) " (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤٣) لەوەسفێکی دیکەدا، کە ئەرکی شرۆڤەیی دەگێڕێ بەدرێندە وەسفی دەسەڵات دەکات، لەهەمان کاتدا هەڵوێستی چینی هەژاران شرۆڤە دەکات.

"-ئای ...زوڵێخ.. چ ئاشێکی خۆش و ئاشەوانێکی باش و موسوڵمانی لەسەرە، هەتاکو توانا و دەسەڵاتی بڕوا، یاریدەی پیرەژن و هەتیودار و هەژاران دەدا" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤٣) لەم وەسفەدا ئەرکی ڕازاندنەوە دەگێڕێت کاتێک لەگوندی حوجرانی نزیک شەقڵاوە باس لە پیاوەتی و دەست پاکی و سەخاوەتی خاوەن ئاشەکەی دەکات.

دایکی شێرکۆ گوتی: "-کێ دەرەقەتی (سەیدە تاژی) قۆڵشکێن هاتوە؟ یان کێ دەرەقەتی دێ؟" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤٤) لەوەسفێکی دایکی شێرکۆدا،کە تیایدا ئەرکی شرۆڤەیی دەگێڕێت باس لەکەسێتی (سەیدە تاژی) دەکات، کە پیاوێکی دەستەڵاتدارە، وەکو تاژی ڕست کرا بێت وایە! ڕاویان بۆ دەکات لەسەر جەستەی هەژار و نەدارانداکار بۆ ئاغاکانی عوسمانی دەکات. زاراوەی خۆشناوەتی (تاژی، دەرەقەت، قۆڵشکێن) تانجی: لە کۆمەڵەی سەگە، دەرەقەت: دەسەڵات بەسەر کەسانی دیکە، قۆڵشکێن: قۆڵبڕ.

"ئەدی دایکم، کە ماڵ بێ خاوەن بێ...کە مەڕ بەگورگ بسپێردرێ.. ئێمە کەنگێ جێگامان، لەم شارە دەبێتەوە؟! چۆن دەتوانین بێگرێ و تەشقەڵە بژین؟!ئەدی خوشکم.. قۆڵچیش دەیەوێ تێر بێ، دەیەوێ بژی، جابا بەنانی من وتۆ بێ" (مەم، ١٩٨٤، الصفحات ١٤٤-١٤٥) جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر مەئموری قۆڵچی، کە .؟لەسەردەمی عوسمانییەکاندا سەرانەیان لەمەڕدار وخاوەن زەوی وزار وەردەگرت، لێرەدا لە وەسفێکدا، کە ئەرکی گومان پەیداکردن دەبینێت لۆمە و گلەیی لەسەرانی کورد دەکات، کە بێدەسەڵاتن و وڵات بێ خاوەنە و بێگانە دەستەڵاتدار و حکومڕانە.

"ئەو کاتەش من چاوم بڕیبونە دەستەکانی پور زوڵێخا و سەیری دەم و زاریم دەکرد، وەبیرم دەکردەوە، کە دایکیشم، ئەگەر یەکێک یارمەتی بدابایە، هەروەها خەڵکی گەڕەکیش بەهەموان سوپاسیان دەکردو...بەو(وەلی) ی خوایان دادەنا،.. بەپێچەوانەش ئەگەر کەسێکیش خراپە و ستەمیان لێ کردبان بە خوا نەناس لە قەڵەمیان دەدا و بەرامبەر بەو کەسەش، کە دەستەڵاتیان بەسەردا نەدەڕۆیشت بەکۆڵێک جنێو و توک، ئاگری دەرونیان دادەمرکاندەوە ئێستاش من ئەو ڕەوشتەم لەگیاندا نیشتوە، بەو ڕەهێڵەیە ئاو دراوم. " (مەم، ١٩٨٤، ١٤٦) لەهەردو وەسفەکاندا ئەرکی وەسفی ڕازاندنەوەیە، کەسێکیان بەدڵ بوایە مەدح و سەنایان دەکرد و بە باڵاین هەڵدەدا، کەسێکیش زاڵم بوایە دەیاندا بەر جنێو لەگرنگیان کەمدەکردەوە بەداشۆرین.

"خوشکم با شێرکۆش لەگەڵماندا بێت، هەر بێ شەرعیشە بێ پیاو بکەوینە ڕێگا، نەخوازەڵا بە شەو، ڕێگایێکی وا پڕ مەترسی و چۆڵ و دوریش؟" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤٧) ئەرکی وەسف لێرەدا گومان پەیدا کردنە، دو بێوەژن لە تاریکی کاتی دوای مەلا بانگدانێ بە

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

بێ پیاو ڕێگای نێوان شەقڵاوە و گوندی حوجرانیان گرتبوە بەر بۆ باراشکردن لەئاشدا، هەروەها لەڕوی شەرعییەوە شیاو نییە پیاوێکیان لەگەڵدا نەبێت، تەنها بۆ دڵنەوایی خۆیان بو، لە ڕاستیدا شێرکۆ تەمەنی بچوک بو!

"مانگی ئەو شەوە جگە لەشەوان...زۆر گەورە و..خڕ و زەرد..زەرد وەکو زێڕ، لەتاق ئاسمان دەدرەوشایەوە ڕوناکیەکەی، ڕوناکیە نەرمەکەی، پەردەیێکی وەک ڕوی خۆی زەرد و هێمنی، دەخستە سەر زەمینی ئەو ناوە" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤٩)

لەوسفێکی ڕازاندنەوەدا جوانی مانگی تاباندا، کەگەورە و خڕ و زەرد و جوانە، لە ترساندا دڵنەواییان خۆیان دەدایەوە.

"هەر کە بەترس و لەرز لەهەورازەکەی گردی زەیتون سەرکەوتین..لەنوختەی پۆلیسی سێ ڕیانەکە و گۆڕستانەکە دەرباز بوین، هەستم بە سەرمایێکی بێ ئەندازە کرد، کە لەگەڵ بای ئەو نیوە شەوی پایزە بە لول هەڵمەتی بۆ دەم و چاو و لەشم دەهێنا، لە تاوان ڕوم گرژ بو، دەماری لەشم کشت بون، شورکە دارەکەم لەدەستم تێ هەڵدا..هەر دو دەستم خستنە ناو باخەڵم" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٤٩) ئەرکی وەسف لێرەدا ڕازاندنەوە و شرۆڤەییە، لەدەرخستنی شوێنەکە و کەش و هەوا شرۆڤەی هەورازەکەی گردی زەیتون دەکات، کە گۆرستانێکی لێیە تائێستا ماوە، لە هەمان کاتدا شرۆڤەی سەرمای ئەو بەرە بەیانەی وەرزی پایز دەکات، کەوای لێ دەکات دەستەکانی بخاتە ناو باخەڵییەوە. زاراوەکان(کرژ بو، لەشم کشت بون، شورکەدار) تایبەتن بە ناوچەی خۆشناوەتی .

"هەندێک ئاویش چوە ناو قۆرتی ئەسکوردم و بە تیرەقەی پشتم دا چوە خوار، کە سارداییِ ئاوەکە گەیشتە پشت و تەرۆک و کلێژەم، گوردێکم تێ ڕوهات، لەگەڵیا ڕاچڵەکیم، کەمێک هاتمەوە هۆش خۆم، گۆڵمە ئاوێکم کردە زارم گەروم پێ تەڕ کردەوە بە قورتەیێکەوە.. قوتم دا!! پێ یەکانم لەکاڵەکەکان دەرهێنا خستمە ناو ئاوەکە.. سرپێک لەلەشمدا گەڕا،..دەستم دایە پێڵاوەکانم، بۆدایکم ڕەوانەم کردن.. پێم گوت: - ها هەڵیان گرە.. گەورەن، نەوەکو لەپێم بکەون" (مەم، ١٩٨٤، ١٥٢)

وەسف ئەرکی شرۆڤەکاریيە یەکەمیان شوێنی جەستەیی بەشێوەزاری خۆشناوەتی دەخاتە ڕو، وەکو:(قۆرت ئەسکورد و تیرەقەی پشت و تەرۆک و کلێژە، گوردێکم تێ ڕوهات، گۆڵمە ئاو) لەهەمان کاتدا، کە کاڵەکەکانی دەداتە دایکی پێی دەڵێت: کاڵەکەکان گەورەن با بەهۆی هیلاکی ماندو بون و بێ تاقەتییەوە لەپێی نەبنەوە، لەڕێگادا لێیان بەجێ نەمێنێت!

"لەگەڵ کەر و بار کەوتینە ڕێگا...کاتێک سەرم لە ئاسمان هەڵبڕی، مانگی زەرد بەکزیێکەوە سەیری چونیەتی ئێمەی دەکرد، پیرە سەفین سەری بەسەر سینگی دا کەچ کردبو، کەوتبوە خەوێکی قوڵ سێبەرەکەی هەتا ناو قەدی دای پۆشیبو، شیو و دۆڵەکانیش دەمیان بەش کردبوەوە، .. باوێشکیان دەدا" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٥٣) ئەرکی وەسف لەم تێکستەدا شرۆڤەییە، چیای سەفین، کە بەسەفینە شێتی خۆشناوان ناسراوە سیفەتی مرۆڤی پێ دەبەخشێت، لەوەسفێکی ڕازاندنەوەی جواندا، وەسفی بەرزی و گەورەیی و پان و پۆڕی دەکات، وەکو مرۆڤ باس لە سینگ وخەو و دەم بەش کردنەوە و باوێشکدان دەکات.

"هەتا نشێو دەبوینەوە، بانی خانوەکانی گوندەکەمان، لەبەر شەوقی مانگەشەو لێ ئاشکراتر دەبون" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٥٤) وەسفی دیمەنی گوندەکە دەکات لە کاتی نزیک بونەوەیاندا، وەسفی شرۆڤەییە، مژدەی هاتنی بەربەیان و نزیک بونەوەیان یان گەیشتنیان بەگوندی حوجران.

"پور زولێخاش لەپێشەوە بەلەنگە لەنگ لەگەڵ سم گواستنەوەی گوێ درێژەکە، ئەویش هێزی دەدایە خۆی و بە بستیەکە هەڵدەگەڕا، دایکە پیرەشم چەند هەنگاوێک بەجێ مابو، نەختێک چەمابوەوە، خۆی بەگۆچانەکەی دەستی ڕاگرتبو" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٥٥)

ئەرکی وەسف شرۆڤەی دۆخی کەسێتیەکە دەکات و لە ڕاکێشانی گوێ درێژەکە لەلایەن پورە زولێخاوە، کە بەهێزیی نیشان دەدات، هەروەها چەمانەوەی پشتی دایکی وەسف و بەلگەی پیر بونییەتی، لە دوای لەپێکردنی کڵاشەکەی پێی گەرم دەبێتەوە، ئارام دەبێت.

"وە لە کەرەکە سوڕایەوە، کاڵەکەکانی لێ کردنەوە، بۆی درێژ کردم، و گوتی: - ها پێڵاوەکانیشت لەپێ بکەوە...کڵاشەکانم خستنەوە سەرپێم،..پێیەکانم گەرم داهاتن" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٥٦) شێرکۆ ماوەیەک بە پێخواسی لەگەڵ کاروانەکەدا دەڕۆیشت، لەدوای گەیشتنیان دایکی کاڵەکەکانی پێ دایەوە! کاتێک، کە کڵاشەکەی لە پێ کرد، هەستی بە خۆشی و (گەرم بونەوەی پێیەکانی) دەکرد، ئەرکی وەسف شرۆڤەییە لەدۆخی پێخواسی بۆ دۆخی کاڵەک لە پێکردن، لە ڕاستیدا کڵاشەکانی بەدەستەوە گرتبو زۆر خۆشی دەویست، لە دڵی نەدەهات لەپێی بکات نەوەکو بدرێت.

"پاش ماوەیەک نەم زانی چەندی خایاند، غلبە غلبێک پەیدا بو، دەنگی پیاوێکم دەهاتە گوێ...بەخێرهاتنی دایکم و پور زولێخای دەکرد...منیش لەو هەمو پەندو ئامۆژگاریانەی دایکم لەڕێگا بۆی هەڵڕشتبوم، شتێکم بە یاد دا نەدەهات وا گێژ ببوم، نە سەلام نە پرسیار و چاک و خۆشی.. نەقسەی پیاوانە...پی...او.. پی...او..و..و" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٥٧) ئەرکی وەهمییە، گومان پەیداکردنە (شێرکۆ) لەدوای بورانەوە و بەئاگا هاتنەوەیدا توشی وەهم دەبێت هەمو ئامۆژگاریيەکانی دایکی لە یاددەکات.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

" کاتێک کە کاروانەکە گەیشتنە ئاشەکە، شێرکۆ لەنێوان بەئاگایی و بێ ئاگایدا بو، دواتر لەهۆش خۆی چو. ژان و ئازارێکی زۆر گەمارۆیان دەدام، دڵم تێکەڵ دەبو،..دەخێورایەوە،...دەست و پێیەکانم گۆدبون،..چۆکم هاتنە لەرزین، سەرم وەک فڕفڕۆک دەسوڕاو هەستم دەکرد، کە ئەستورتر دەبێ...تا دەهات لەدونیای مرۆڤایەتی و وجود..جودا دەبومەوە...تاکو لەپڕ دەستێک ملی گرتم دەستێکی نەرم بو، ملی گرتم و ڕای کێشام لەسەر جێگایێک پاڵی خستم!!..ئای ئەو پاڵ کەوتنەم لەلا خۆش هات" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ١٥٨) لەکاتی بەئاگایی و بێ ئاگاییدا وەسفێکی شرۆڤەیی و گومان پەیداکردندا، چۆنییەتی لە هۆش چونی شێرکۆ دەکات، شرۆڤەی دۆخە دەرونییە سەختەکەی دەکات لە دوای ماندو بونێکی زۆر بە ڕێگاوە ڕۆیشتن لێرەدا سێ زاراوەی خۆشناوەتی دەردەبڕێت (دەخێورایەوە، گۆد بون، فڕفڕۆک) واتای سەروبن بونی گەدە و ڕەق بون و وەستان و سەرسوڕان دەبەخشێت.

"چوار پەلم لەخۆم هاوێشتن، گیانم کەوتە بەهەشتێکی فێنک لە ئەرک و ئازاری لەشم ڕزگارم بو هەستم بە خۆشیێکی وەها کرد، کە گرمەی بەرداشەکە و.. هاژە و لرمەی ڕوبار..و شۆڕەی بلوسکەکە و تەقەقەی چەقەنەی ئاشەکە، وەکو ئاوازێکی سیحری ڕەنگین دەهاتنە گوێم و دەڕژانە ناو گیانمەوە" (مەم، ١٩٨٤، الصفحات ١٥٨-١٥٩) ئەرکی وەسف لێرەدا ڕازاندنەوەیە، لەدوای گەیشتنی دەستی دایکی، کە بەنەرم و نیان وەسفی دەکات، پاڵ دەکەوێت لەسەر جێگاکە، وای دەزانی وا لە بەهەشتە! لەوەسفێکی دیکەی شرۆڤەییدا لەدوای پاڵکەوتنی لەسەر جێگا، دەنگی تەقەقە و چەقەنەی ئاشەکە وەکو سەمفۆنیایەک بەرگوێی دەکەوت، ئارامییەکی زۆری پێ دەبەخشی.

٢-ئەرکەکانی وەسف لەکورتەچیرۆکی(لەشەقامی گەورە) دا:

لە کورتە چیرۆکی (لەشەقامی گەورە)ی کۆمەڵە چیرۆکەکانی مەمدا، چیرۆکنوس لەڕێگای ئەرکەکانی وەسفەوە واقیعی ڕێگاو بانی شارۆچکەی شەقڵاوە بەراورد دەکات بەواقیعی ڕێگاوبانی شاری بەغدادی پایتەختی عێراق، قادرە ئەفەندی خەڵکی شەقڵاوەیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردو، بژێوی ژیان و حەز هانی دەدەن کارێک بدۆزێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە ڕێگای دور و درێژی بەغدادی پایتەخت دەگرێتە بەر بە هیوا ئەوەی خزمێک یان ناسیارێکی دەمێکە لە بەغداد دەژی و گوایە دەستڕۆیشتوە! بەڵام قادرە ئەفەندی،کە دەگاتە بەغداد چاوی بە میر دەکەوێت و داوای لێدەکات کەوا کارێکی میری بۆ بدۆزێتەوە! لە تێکستە وەسفکراوەکان لە ڕێگای هەرسێ جۆری ئەرکەکانی وەسفەوە، بۆمان دەردەکەوێت، ئایا قادرە ئەفەندی بە ئومێد دەگات؟

"قادرە ئەفەندی بەزمانێکی ئاڵۆز بە پەشۆکاویەکەوە.. وای گوت، بە ئوتێلەکە سەرکەوت..،کە گەیشتە بەر دەرگای ژورەکەی میر، قاچێکی هێنایە پێش و قاچێکی بردە پاش! تاکو دوایی ناوی خوای لێ هێناو لەپڕ بێ ئاگاداری کردن، یان لە دەرگادان، خۆی کرد بە ژورەکەدا" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ٧٢) ئەرکی وەسف وەهمییە. قادری شەقڵاوەیی لەزێدیی خۆی بەڕێ دەکەوێت بۆ شاری بەغداد بۆلای خزمێکی دەست ڕۆیشتوی خۆیان، کەلە باڵەخانەیەکی گەورە، دەڕوانێتە سەرشەقامێکی گەورە، بۆ ئەوەی کارێکی بۆ بدۆزێتەوە، لە نەبونی و بێکاری ڕزگاری بکات، سەرەتا ڕایە لەنێوان چون و نەچون بۆ لای میر!

"ئەو سەردەمە، لەپایتەخدا، هێشتا بەزۆری پایتون بەفرمانی گواستنەوەی خەڵکی هەڵدەستا، تاک و توک ئۆتۆمبیلت بەجادەکانەوە دەدی، کەگەیشتنە ڕۆخ شەقام، پایتونێک لەو سەری شەقام بۆ لای ئەوانەوە دەهات.. میر بانگی کرد: ئەوە عارەبانەیە، با.. ڕایبگرین.. " (مەم، ١٩٨٤، صفحة ٧٣) بەغداد لەسالانی دوای جەنگی جیهانی دووەمدا، تاک و توک ئۆتۆمبیل دەبینرا، کە زۆربەیان سەربە حکومەت بون، بەڵام بۆ هاتوچۆی هاوولاتیان زیاتر پەیتون بەکاردەهات، لەدیمەنێکدا، کە تیایدا ئەرکی وەسف شرۆڤەکاریيە، میر هەوڵدەدات دەست بۆ پەیتونێک ڕاگرێت! یان دەنگ بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی عەرەبانەیێک ڕابگرێت، لەماوەی وەسفەکەدا پێمان دەڵێت: لەڕوی گواستنەوەی هاوولاتیاندا پەیتون بەکاردەهات، کە بریتییە لەعارەبانەیەک، کە دو هێستر یان ئەسپ ڕایدەکێشن بۆ مەبەستی گواستنەوەی هاوولاتیان لەو سەردەمەدا.

"بێ دەنگ خۆی لەجێگاکەی مات کرد و کەوتە داڵغە لێدان!! لەگەڵ هەژانەوەی پایتون سەری ئەویش دەهەژایەوە، جار جاریش هێ.. هێی عارەبانچیەکە و.. زەنگوڵەی عارەبانەکە و.. تەپەی پێ ی بارگیرەکان دەیانهێنایەوە هۆش خۆی!! کە لەپێش دائیرە گەورەکە دابەزین، قادر ئەفەندی بەتەواوی ئاگای لەخۆ بو" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ٧٤) وەسفەکە شرۆڤەکاریيە بۆ چۆنییەتی پێکهاتەی دائیرە گەورەکە و ڕێکردنی پایتونەکەدا ئەرکی وەسف لە ڕێگای شرۆڤەوە لە خوێنەر دەگەیەنێت، کەوا پەیتون لەو سەردەمەدا لە شەقڵاوە نەبوە، لە ڕاستیدا ئەسپ و ماین و هێستر و گوێدرێژ کاری بارگیریان کردوە. دیارە پەیتون یان عارەبانە دو بارگیری زەنگوڵە لە مل ڕایدەکێشن، لە وەسفێکی ڕازاندنەوەدا پەیتون لەگەڵ تەپەی پێیەکانی ئاوازێک دروست دەکەن، ئەو کەسانەی، کە خوازیاری گەیشتن بەشوێنی مەبەستیان لەژێر چەترێکدا دادەنیشتن، لەگەڵ لەرینەوەی عارەبانەکە سەری ئەوانیش دەلەرییەوە. دیارە بارگیرەکان پێش وەختە لەگەڵ خاوەنەکەیان ڕاهاتون لەو هاوار و دەنگانەی زەنگوڵە، کە ئاراستەیان دەکرا.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

"نەی دەزانی چۆن وەختەکە بکوژێ هەتا تەشریفی میر پەیدا دەبێتەوە!؟ویستی خۆی بخافڵێنێ..لەدەرگا گەورەکە چوە ژورەوە، لەناو دالآنە دریژەکەدا کەوتە پیاسەکردن، تا سەردەمێک، ئەم سەرو ئەو سەری دالآنەکەی پیوا، هەستی بە ماندو بونێکی زۆرکرد، وەرسێک دای گرت، بە بێ ویستی خۆی دەستی بەژماردنی دینگەکانی دالآنە دریژەکەکرد!...پاش ماوەیەک لەمەش بێزار بو" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ٧٦) ئەرکی وەسف شرۆڤەکارییە، ئەو دۆخە دەرونییەی کەسێتی شرۆڤە دەکات، کەوا لە و کاتەدا لە چاوەڕوانی میردا بەسەری بردوە. میر بەفیزێکەوە قادرە ئەفەندی بەجێدەهێڵێت، بەدەرگایەکی گەورەدا، کە پێشتر لەوجۆرە دەرگایەی لەشەقڵاوەدا نەبینیوە! دەچێتە فەرمانگەیەکی میری، کەچەند نهۆمێکە، لێرەدا بەخوێنەر دەڵێت: لەم جۆرە باڵەخانەیە لەناوچەی خۆشناوەتی نییە! کە بۆ یەکەمجارە قادرە ئەفەندی دەیبینێت، کەمیر سەری پێدا گرتوە، یان لەو باڵەخانەیەدا کاردەکات، خۆی خاوەن کەسێتی و بڕیاری خۆیەتی، وەکو میر هەڵسوکەوت دەکات.

"چاوی گێڕانەوە ناو گۆڕەپانەکەی سەیوانێکی کۆنکریتیی لێ دروست کرابو.. پۆلیسێکی جل سپیی لەژێردا وەستابو، پۆلیسەکە لەشی بۆهەر چوار لا خۆی دەجوڵاندەوە، بەدەست و پێ و سەر و مل رێگای بۆ ئۆتۆمبیل و پایتون دیاری دەکرد.. ئۆتۆمبیلەکان بەگشتی لۆری پۆلیس و قەمارەی دائیرەکان بون" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ٧٨)ئەم جارە سێرەی چاوی گواستەوە لای خوارەوەی باڵەخانەکە لەوەسفێکی ڕازاندنەوەدا، کە گۆڕەپانێکی لێبو لەناوەڕاستیدا سەیوانێکی کۆنکریتی پۆلیسێکی بەرگ سپی لەژێریدا وەستا بو، کاکی پۆلیسی هاتوچۆ بە هەرچوار دەورەی خۆیدا ڕێنمایی دەدا بەئۆتۆمبیلەکان و پەیتونەکان، زیاتر لۆری و قەمارە بۆ ئۆتۆمۆبیل بەکاردەهات، کە تەنها لەفەرمانگە میرییەکان هەبون، کەواتە بەدەگمەن کەسێکی ئاسایی شارەکە خاوەن ئۆتۆمبیل بون، ئەرکی وەسف شرۆڤەییە، جۆری گۆڕەپانەکە و پۆلیسی هاتوچۆ بەرگی تایبەت و پایتون و ئۆتۆمبیل و لۆرییەکانی ئەو سەردەمەمان بۆ ئاشکرا دەکات.

"چاوی لەو دیمەنانە گواستەوە، سەری هەڵبڕی، چاوی لەسەعاتە گەورەکەی سەر سەیوانی پۆلیسەکە چەق، تەواو شڵەژا، هەستی بەماندو بونێکی بێ پایان کرد، ژانی هەردو پێیەکانی لەگەڵ ئازاری بڕبڕەی پشتی، مێشکیان دەتەزاند، هەستی بەبرسیەتێکی زۆر کرد!! لەگەڵ خۆی بیری دەکردەوە: - کورە خۆ سەعات ێیکی[سەعات یەکی] پاش نیوەڕۆیە، ئەمە چوار سەعاتی ڕەبەقە لێرە..وەستاوم!.." (مەم، ١٩٨٤، صفحة ٧٨) ئەرکی وەسف وەهمییە، گومان پەیداکردنە بۆ بارودۆخەکە، سەعاتی گەورەی لەو جۆرەی نەبینی بو هەروەها کاتی خایەنراوی چاوەڕوانی زۆری خایاند و ژانی پێ و ئازاری پشت و برسێتی مێشکیان ئاڵۆز کردبو، لەڕوی دەرونییەوە قادر ئەفەندی تەواو ماندو بو بو، گومانی دەکرد کەوا میر خۆی لێشاردبێتەوە!

"هەرچەندە دڵی کرمی ببو، بەڵام هەرگیز نەی توانی خۆی بەوە ڕازی بکا...کە جەنابی میر مرازی ئەوە بوبێ خۆی لێ بشارێتەوە!!"بەپێ پلیکانەکاندا بۆ نهۆمی دوەم سەرکەوت، ماوەیێک لەهەیوانە دریژەکە سوڕایەوە.. سەری بەچەند ژورێک داگرت!!چ سۆراخێکی لەمیر نەکرد، گەڕایەوە هەیوانەکە زۆر ماندو ببو" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ٨٠) زاراوە و پەیڤی (سۆراخ و هەیوان) شێوەزاری بەکارهاتو لەسالآنی چل و پەنجاکانی ناوچەکە لەگەڵ کاتی ئێستادا جیاوازی هەیە، بەپێی شێوەزاری ناوچەکان. ئەرکی وەسف لەم تێکستەدا وەهمی، گومان پەیداکردنە، ماوەی چوارسەعات میر خۆی لەقادرە ئەفەندی دەشارێتەوە، گومانی لا دروست دەبێت کەوا میر خۆی لێ شاردبێتەوە و بەلایەکدا بۆی دەرچو بێت و مایە پوچی کردبێت!

"ناشێ میر بیەوێ.. خۆیم لێ بشارێتەوە!!...تەنیا لیچکی عەبا ڕەشەکەی بەرچاو کەوت، کە لەسەر کۆسپەی دەرگاکە بەدوایدا دەخشا!!.." (مەم، ١٩٨٤، صفحة ٨٠) بەهۆی دەرکەوتنی لیچکی عەبای میر گومان لای قادرە ئەفەندی دروستەکات، کەمیر نیازی باش نەبێت و کارەکەی بۆ ڕانەپەڕێنێت!

"قادر ئەفەندی، بەو چۆنیەتیە زۆر پەشۆکا.. دڵشکست بو، قەڵەمی دەست و پێی شکان، بە واق ورماوی.. بە دوچاوی ئەبڵەق زەق.. تەماشای کۆسپەی دەرگا بچوکەکەی کردەوە، کە بۆ دواجار لیچکە عەباکەی.. میری..وەک ڕەشمار لێی دەخزی" (مەم، ١٩٨٤، صفحة ٨٠) لەدو ئەرکی وەسفدا یەکەمیان ئەرکی گومان پەیداکردنە، کە قادرە ئەفەندی واقی وڕدەمێنێ و چاوی ئەبڵەق دەبێت، لەئەرکی دوەمدا شرۆڤەییە، لچکی عەبای میر دریژە، لەو سەردەمەدا عەبا باوی هەبو لەبەغدا بەتایبەتی بۆئاغا و بەگەکان، وەک ڕەشمار لێی دەخزێ و خۆی دەرباز دەکات و قادرە ئەفەندی بێئومێد دەکات!

"دەستێکی بۆ گیرفانی دریژ کرد، لەگەڵ هەناسەیەکی سارد. دەستەکەی کێشایەوە، وەکو دارێک، ڕەشەبا.. هەڵیکەندبێ، وا.. ڕاقەنا وبێ یەکانی بەدوا کەڵەشە داوەشاوەکەی ڕەکێش کردن بەهەنگاوی گران و لەنگ و ئاڵۆز، بێ ئامانج ڕێ ی گرتەوەبەر و گەڕایەوە.. دواوە. " (مەم، ١٩٨٤، صفحة ٨١) ئەرکی وەسف لەدوا تێکستدا وەهمییە، گومان پەیداکردنە، زۆر بە نائومێدی و ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی و برسێتی دائیرەکە بەجێ دەهێڵێت! لەگومانی یەکەمدا لچکی عەبای میر دەبینێت و باوەڕ ناکات میربە و هەمو ناو ناوبانگە هەوڵی خۆشادرنەوە بدات، لەگومانی دوەمدا ماوەی چوار کاتژمێر لەخۆخەریک کردن و چاوەڕوانیدا بو!

ئەنجام:

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

١- وەسف جگە لەئەرکی گێڕانەوە چەند ئەرکی دیکەی هەیە وەک (ئەرکی ڕازاندنەوە، ئەرکی شرۆڤەکاری وئەرکی وەهمی، گومان پەیداکردن..هتد).

٢- لەڕێگا ئەرکەکانی وەسف و گێڕانەوەدا ئەو سنورەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەنێوان وەسف و گێڕانەوەدا هەیە، گێڕانەوە واقیعی کەسێتییەکان و شوێن و کات و ڕووداوەکانمان بۆ دەردەخات، بەڵام لەڕێگای ئەرکەکانی وەسفەوە بارودۆخ و ڕەگەزەکانی چیرۆک زیاتر لەوەی هەیە ژینگەکەمان پێ ئاشنادەکات.

٣- زاراوەی ناوچەیی خۆشناوەتی، کە سەنتەرەکەی شارۆچەی شەقڵاوەیە بەزەقی بەنوسینەکانی محەمەد مەولود مەمەوە دیارە، هەروەها کۆمەڵێک زاراوەی لەفەرهەنگی عوسمانییەوە بەکارهێناوە، کە لەو سەردەمەدا باوبوە، چیرۆکەکانی زادەی واقیعی کۆمەڵایەتی و شێوەزاری ناوچەیی دیالێکتی کوردی ناوەڕاستە.

٥-چیرۆکنوس لە ڕێگای هەرسێ ئەرکەکانی وەسفەوە، ڕازاندنەوە و شرۆڤەیی و وەهمەوە تواناکانی بەرجەستەکردوە.

لیستی سەرچاوە کوردییەکان:

بارت، رۆلان. (٢٠١٥)، *دەروازەیەک بۆ شیکردنەوەی بنیادگەرانەی چیرۆک* وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە بۆ عەرەبی: مونزر عەیاشی وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: تاریق کارێزی. سلێمانی.

سەعید، ج. ئ. (٢٠٠٩). ***تەکنیکی گێڕانەوە لەڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی***. سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

سەعید، ئازاد محەمەد. (٢٠٠٨). ***کورتیلە چیرۆکی کوردی لەباشوری کوردستاندا لە(١٩٧٠-١٩٧٩)***. (زانکۆی کۆیە) هەولێر:،نامەی ماستەر.

مارف، خ. د. (٢٠٠٦). ***مێژوی ئەدەب کوردی، ١٩٤٥-١٩٧٥*** . هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.

مەم، محەمەد مەولود. (١٩٨٤). ***چیرۆکەکانی مەم*** (بەرگی دوەم). هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

محەمەد، ئ. ق. (١٩٩٧). ***لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لەکوردستانی باشوردا ١٩٧٠-١٩٨٠*** . هەولێر زانکۆی سەلاحەدین: تێزی دکتۆرا لەزانکۆی سەلاحەدین.

نەجم، خالد ئ.،. (٢٠٠٤). ***بینای کات لەسێ نمونەی ڕۆمانی کوردی دا(ژانی گەل، شار، ڕاز)*** (سلێمانی: دەزگای چاپی یەکەم چاپ و پەخشی سەردەم).

کەریم, ڕ. (٢٠٠٧). ***فەرهەنگی ژیر عەرەبی کوردی***. تاران-ئێران.

برایمی، پ. س. (٢٠٢٢). ***فەرهەنگی حاجی قادری کۆیی*** (چ ١ کۆیە: کتێبخانەی سۆفیا)

نیزامەدین، ف. (٢٠١٥). ***فەرهەنگی "شیرینی نوێ"*** عەرەبی- کوردی (چ٣: کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، عێراق هەرێمی کورستان.

آرون، بول، سان. د، فیالا. ج، فیالا. آ، ت: الدکتور محمد، حمود. (٢٠١٢). ***معجم المصطلحات الأدبية*** (الإصدار ١). بيروت- لبنان: مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

العاني، شجاع. (٢٠٠٠). ***البناء الفني في الرواية العربية في العراق*** (الإصدار ١). بغداد: دار الشؤون الثقافية.

الصادق قسومة. (٢٠٠٠). ***طرائق تحليل القصة*** (الإصدار ط٤). تونس: دار الجنوب للنشر.

إبراهيم جنداري. (٢٠١٣). ***الفضاء الروائي في آدب جبرا إبراهيم جبرا*** (الإصدار ١).

الحمداني حميد. (٢٠٠٠). ***بنية النص السردي من منظور النقد العربي*** (الإصدار ط٣). بيروت: المركز الثقافي العربي للنشر والتوزيع.

تادیية، جان أيف، ترجمة: الدكتور قاسم المقداد. (١٩٩٣). ***النقد الادبي في القرن العشرين***. دمشق-سوريا: منشورات وزارة الثقاف.

جان، ريكاردو. ترجمة: الجهيم، صباح، ١٩٧٧، ***قضايا الرواية الحديثة***، دمشق- سوريا.

سعيد يقطين. (١٩٩٣). ***مدخل تحديد خطاب الرحلة العربية***. مجلة الأقلام.

صلاح، ا. د. (٢٠٠٠). ***نظرية البناية في النقد الادبي***، بغداد: دار الشؤون الثقافية ط ١.

مونسي، حبيب. (٢٠٠٣). ***شعرية المشهد في الابداع الادبي*** (الإصدار ١). وهران، المغرب: دار المغرب للنشر والتوزيع وهران.

نعمة، زينب عبدالمهدي. (٢٠٠٢). ***القصة القصيرة جدا في العراق(١٩٦٨-٢٠٠٠)***. بغداد: رسالة الماجستير، جامعة بغداد.